# قەتەر و ئیسرایل

**فـــەهــــد گـــــردەوانــی**

**ستۆکهۆڵم**

2005/9/16

من نامەوێ جارێ باسی سیاسەت بکەم و خۆم تێکەڵاوی ئەو قەیرانە تاڵە بکەم کە کوردستان پێدا دادەڕوا, هەویری سیاسی کوردستان ئاوی زۆر دەوەێ .... ئەوا بووە 14 ساڵی ڕەبەق کوردستان لەبەر بێکەسی لە سەربەخۆیی هەردوو ناوچە کە مەبەستم حکومەتەکەی هەولێر و سلێمانی یە وا جارێکی تر دەچیتەوە ژێر ڕەحمەتی بەغدا، هەندەک لە بەغدا لە شیعەوسونە نایەنەوێ کورد بەوهەموو داواکاریە ببێتە بەشێک لە عێراقی تازە، بەڵام مامەوکاکە خۆیان پێیان شۆڕدەکەنەوە و دەڵێن ئێمە عێراقیین و لە عێراق جیانابینەوە.....منیش بە تەوسەوە دەڵێم ئەگەر عێراق وا خۆشە بۆ داوای موسڵ و کەرکوک و تکریت و سامەرا و کوت و هەمووئەو شوێنانە کە تاقە کوردەکی تێدایە ناکەن ئێمە زیاتر لە هەشتاساڵ داگیرکراوبووین با ئەوانەش جارێ لەشکریان نیە و هێز نین چەند مانگ و چەند ساڵێک لەبەر دەستی کورد بن با تامی داگیرکەر هەندۆکەک بچێژن ، دەزانم ئەو پەیڤانەم شێوەی خۆی وەکو کاریکاتوری دەنوێنی و گاڵتەی پێدەکرێ ، بەڵام ئەی ئەوە گاڵتە بەخۆ کردن نیە مامە لەژێر ئاڵآی عیراق خۆی باوەشێن دەکات وکاکە سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ناتوانێ سەربەخۆ بچیتە دەرەوە نوێنەرایەتی ئیقلیمەکەی بکات ئەگەر ڕەزامەندی بەغدای بۆ وەرنەگیرێ ،هەروەها هیشتا سەرۆکی دوو ناوچەیە و دوو حکومەتە، ئەگەر چی نۆ مانگ بەر لەئێستا دەنگدرا بۆ یەکبوون ، کەچی بە هەردوکیان ڕێکخراوێکیان بەناوی ریفراندۆم دروست کردووە هەتا خەڵکی پێبەنج بکەن و( مەڕ ئاسا) میللەتی پێلێبخورن ، جارجارەش ئەو دەڵێ کوردی دەرەوە لە خەیاڵ دەژین و ئەویش دەڵێ باری نێو دەوڵەتی ڕێگا نادات .... ئەوا بووە نۆ مانگ دەنگمان داوە بۆ پەرلەمان وبۆ یەکگرتنەوەی هەردوو حکومەت بەڵآم چونکە لە بەرژەوەندی هەردوو حکومەتە ئاوا باشترە یەکنەگرنەوە ئەوا دەبینین یەک ناگرنەوە، جا هەردوو سەرکردایەتیش زۆر بێشەرمانە درۆ لەگەڵ خەڵک دەکەن و لە بەرامبەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەستیان بچووک دەکەنەوەو دەڵێن هیچمان نەماوە تەنها هەندێک شتی زۆر زۆر بچوک دەنا یەکین کە هیچ وانیە و هەموو خەڵکی کوردستان دەزانن هەتا ژێر قاچیان درۆ دەکەن و نەگەیشتوون بە هیچ لەگەڵ یەکتر.... لە بارەی ئابووری کوردستان و پارە و پولەکەی نازانن بیدەن بەکێ لە کوێوە دەست پێبکەن و پارەی گومرگەکان بچنە گیرفانی کامەیان پاشان کامە دەست پاک ئەو کارەیان بۆ جێبەجێ بکات، هەتا ئەمڕۆ کێ لە میللەت دەزانی مالیەی حکومەتی هەولێر و سلێمانی چەندە ،یا دارایی پارتی و یەکێتی چەندە..لەبارەی سەربازی بیدەن بەکێ ، چۆن پارتی باوەڕی هەبێ هەموو چەکێک بخاتە بن دەستی یەکێتی و یەکێتی بیپارێزێ ، یا یەکێتی هەمووی بخاتە ژێر چاودێری پارتی و پارتی پارێزگاری بکات..گەلۆ هاوار هاواری پێشمەرگەیە ،ئایا پێشمەرگەی پارتی یا لەشکری حکومەتی هەولێر ئامادەیە بچیتە سلێمانی شەڕ لە تەک پێشمەرگەی یەکێتی و یا لەشکری حکومەتی سلێمانی بکات ئەگەر سبەی ئیران هات ئەوێ داگیر کرد یا بەغدا لەو دەروازەیە هاتە ژوور یا بە پێچەوانەوە تورکیا هات ....ئەی کێ ببیتە بەڕێوەبەری بانکی کوردستان و هەردولا چەند دۆلاری تێدا دادەنێن بەبێ ئەوەی لووش بدرێ گەلۆ هەردولا بەرەحەتی گیانیان وا بانکەکان بە نهێنی و ئاشکرا بەرێوە دەبەن بۆ ژمارەی حیسابیان لەیەکتر ئاشکرا بکەن ....خۆ ئەگەر ئەمریکا لە کوردستان نەبوایە ئەوا هیچ دەمێک بوو جەولەی سەددەم جاری شەڕ دەستی پێدەکردەوە، بەڵام بەقوربانی ئەمریکا و کۆریای خواروو بن کە ناهێڵن لەیەکتر بدن دەک داوەشێن وەکو ئەریتریاش نەتان توانی ببنە خاوەنی ئاڵای خۆتان و سەر بەخۆیی خۆتان.

من وەکو گووتم باسی کوردستان ناکەم،کەچی هەر ناوی کوردستانم هێنا چۆن درێژەی کێشا و هەر دوایی نایەت..من دەمەوێ... باسی قەتەر بکەم..ئەمڕۆ وەزیری دەرەوەی قەتەر و وەزیری دەرەوەی

ئیسرائیلی پێکەوە کۆبونەوەو بەرامبەر کامیرای ئاژانسی جیهان خۆیان نیشان دا ...



جا کاکە فیصل قاسم و سامی حداد و
عروبەی تەلەفیزیونی جەزیرە دەبێ شەرم نەکا و ئارەقەی شەرمەزاری تک تک و جار جار تەنەکە تەنەکە هەڵنەرێژی !!!!!!!! شێخ یوسف قەرەزاوی باسی جیهادی فەلەستینی دەکات و پێش نوێژیش بۆ شێخی قەتەر و حەمەد بن جاسم وەزیری دەرەوە دەکات و کچەکەشی بەبێ مێرد لە ئەمریکا دەخوێنێ ئەو ئەمریکایەی خۆی بە باوکی ئیسرایل دادەنێ، جا شێخیش هێندە ئاشقی پوولە هەتا ئەمڕۆ ناوێری بەلای سیاسەتی قەتەر دابچی یا ریسوای بکات یا باسی ئەوە بکات کە لەشکری ئەمریکا بۆ لەوێ یە ..... من دەڵێم ئافەرین وەزیری قەتەر لەو ئازایەتیە کە هاتیە بەردەم کامیرا بەڵام هێشتا شەرمی کرد خۆی ئاشکرا بکات کە دووساڵ وهەندێک بەر لە ئێستا لەگەڵ ئەو ئیسرائیلە دانیشتووە..ئەرێ فەیصەل قاسم ،احمد منصور، جمال ریان، خدیجە بن قنە، محمد کریشان..هتد ئەو دووساڵ و نیوە لە گوێی بەراز نوستبوون یان دۆلارەکانی قەتەر ئەوەندە زۆر بوو نەتان ویست بە خەڵکی رابگەیەنن کە ئەو وڵاتەی ئێوە لافی دیموکراسی پێوە لێدەدەن بنکەی گەورەترین سەربازگای ئەمریکایە و ئیسرائیل هێشتا لە هەموو خاکی داگیرکراوی فەلەستینی نەکشاتەوە کەچی وەزیری قەتەری بەبێ شەرم کۆدەبێتەوە لەگەڵ بەرزترین لێپرسراوی ئیسرائیلی ، ئەرێ جەزیرە دەتانەوێ میللەتی کورد لە قەتەر عارەبتربێت هەتا ئاوا باسی هاتنی ئیسرائیل بکەن بۆ شیمال العراق ، رووی ئێوە لەچی دروست کراوە.........؟؟؟؟؟؟؟؟؟!!!!!!

وەزیری دەرەوەی ئیسرایل ناوی سیلڤان شالۆم (Silvan Shalom) ە لە شاری قابیس{گابس}ی تونس ساڵی 1958 لە دایک بووە. باوکی 5 منداڵە . زمانی عبری و ئینگلیزی و فەرەنسی و عارەبی دەزانی .